## بیرەوەرییەکانی ئەمین لەشکر

میرزا قارەمانی ئیسفەهانی ناسراو بە "ئەمین لەشکر" ماوەی ٢٠ ساڵ لە دام و دەزگای عەزیزخانی سەرداری کولل لە تاران کاری کردوە و هەندێ ئەرکی وەک "مستوفی نیزام" واتە حیسابداری سوپای بەڕێوە بردوە و ماوەیەک بۆتە "وەزیری فوائدعامە" لە دەرباری ناسرەددین شا (ئەویش دوای ئەوەی کە ئەمیرنیزامی گەڕووسی لەو وەزارەتە لابرا و نێررایە موکریان و هەمزاغای مەنگوڕی بە فێڵ کوشت و بوو بە حاکمی سابڵاغ). ئەمین لەشکر لە موکریان روخسارێکی ناسراوی خەڵک بوو و بۆ ماوەیەکیش لە دەزگای وەلیعەهد لە تەورێز کاری دەکرد.

وا بیرەوەرییەکانی ئەمین لەشکر – کە شێوازی یادداشتی رۆژانەیان هەیە، لە تاران چاپ کراوە و من نوسخەیەکم لە کتێبخانەی "سواس" ی لەندەن چاوپێکەوت. لەو ماوە کورتەیدا کە ٥٠ لاپەڕەیەکی کتێبەکەم خوێندەوە، چاوم بە ناوی بۆکان نەکەوت بەڵام سەبارەت بە سابڵاغ و ناوچەکەی گەلێک شتی تێدا نووسرابوو – کە بۆکانیشیان دەگرتەوە. بۆ نموونە لە لاپەڕەی ٢٥ دا کە باسی ئامادەبوونی خۆی لە "دەربخانە مبارکە" – واتە کاخی وەلیعەهد لە تەورێز دەکات دەنووسێت:

"میرزا قاسمی قازی تا کاتی نانی نیوەڕۆ لەوێ بوو و هەندێک باسی کاروباری سابڵاغ و سەیفەددین خانی کرد و لە دارایی و ماڵ و ئاسوودەیی قادر ئاغا گەلێک دوا – کە گوایە ئەمڕۆ لەناو خەڵکی موکریاندا لە هە موان دەست رۆیشتووتر و ئاسوودەترە و کوڕەکانیشی جگە لە خۆی، هەرکام سەروسامانێکیان هەیە.... [شوێنی دوو وشە بەتاڵە و ئینجا نووسراوە] سەردەراباد هی سەیفەددین خانە و زۆر تەعریفی گوندەکە و داهاتی مڵکەکانی سەیفەددین خانی کرد و دەیگوت هەموو ساڵێک دەهەزار تەغاری موکری حاسڵی مڵکەکانی سەیفەددین خانە، بەڵام خۆی بەوپەڕی لەچەریی دژی ... عەزیزوڵلا (عزت اللّه خان) و فەڕروخ خانی کوڕانی خوالێخۆشبوو پاشا خانی مظفرالدولەش مڵک و ماڵیان هەیە و ئاسوودەن(ل ٢٥)....

مەلا حەمەدەمینی سابڵاغی چووەوە بۆ سابڵاغ(٢٥)....

رەسوول ئاغای موکری و قاسم ئاغای کوڕی(٣٥)....

پۆستە خانەی موکری(٣٥) ....

عزت اللّه خان کوڕی خوالێخۆشبوو مظفرالدولە لەگەڵ شازادە خانم دا لە سابڵاغەوە هاتوون(٤٤)....

"کاکە چکۆلە" هات و باسی ئەوەی کرد کە ئەو نامەیەی وا سەبارەت بەو، بۆ "مقرب الخاقان ناظم میزان" م نووسیبوو، جێی خۆی گرتووە. ناوبراو گەڕایەوە بۆ سابڵاغ(٥٧) و .......

یادداشتەکانی ئەمین کەشکر سەرنج راکێشن و جوان نووسراون و جوانیش رێک خراون. زۆر واهەیە لە ناو یادداشتەکاندا بابەتی دیکەی سەبارەت بە ناوچەی بۆکان و خەڵکەکەی تێدابێت.

---

روونکرد نەوە:

میرزا ئەبولقاسمی قازی باوکی نەمر سەیفولقوزاتی قازی کە سایەتی مەزنی کوردستانە، بەڵام نەمزانی "کاکە چکۆلە" کێیە، لە کتێبەکەدا ناوی هەر بەم شێوەیە نووسراوە.

"روزنامه خاطرات امین لشکر"، به کوشش ایرج افشار و محمدرسول دریاگشت، نشر اساطیر، تهران، ۱۳۷۸[۱۹۹۹]، فارسی.